ئینسان ئەگەر لەو تەمەنەیشدا نەبێت کە شیعرەکانی ئاراستەکراوە، دەکرێ دەست بە داوێنە مندالی ناو ناخی خەیاڵەوە بگرێ و لە چاوی ئاوەوە گەشتێک بە ناو ئەم پرسیارانەدا بکات. ئەوەی کە نیردا لەم نووسینەدا کردوویەتی، هەر هەمان شتە.
هاوکات من تووشی ڕاچڵەکاندنێکی گەورە بووم لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا. بە هیچ دوو دڵییەک دەتوانم بڵێم ئەم پرسیارانەی ناو کتێبی پرسیارەکان، یەکێک لە کارە ناوازەکانی ئەوە.
لەم پرسیارانەدا، نیردا زمان دەداتە کیسە و گوێ و ئەستێرە و لە هیچ جێگایەکیشدا بەشوێن وەڵامەوە نییە. ڕەنگە ونبوونی وەڵام بەهێزترین پەیامی ئەم کەمڵە پرسیار و شیعرانە بێت بە تایبەت لە زەمانێکدا کە پرسیارەکان کەمن و وەڵامە حازربەدەستەکانیش زۆرتر.
پشکشکردنی ئەم وەرگێڕانە بە بە نیگارە سەرنجڕاکێشەکانی "پاڵەماڤالدیڤیا"، بە بۆای من، وەک پشکشکردنی کارێکی ناتەواو وایە. کەموکوڕییەک کەمن ناتوانم پەی بکەمەوە. تابلۆکەی سەرەوە، یەکێک لە وێنەکانی ناو کتێبەکەیە.
ئەگەر نیردا سەرکەوتووانە ئەم پرسیارە سادە و پەمانایانە بە جدێ، ئەوا نیگارە ڕەنگاورەنگەکانی "پاڵەما"یە کە لە ڕیگەی ڕەنگ و وێنەوە ئەو کەشە فەنتازیئامێزە دەسازێنن کە پرسیارەکان پیویستییانە. بەڵام وێنەکان تایبەتن بە کاری هونەری نیگارکێشەک و لە ڕێگای نەتەوە دەکرێ ئینسان دەستی بە هەندەکییان بگات. بەڵام بە چاپکردنەوەی لە بەرگێکی کوریدا، خەرجێکی ئابووری دەوێ، کەمن لە توانای هەڵسووراندنیدا نیم.

پرسیارەکان:

بە کەندەلان، هێندە چرچ و لۆچی هەیە
ئەوەندەش کون؟

ئایا زەوی وەک زیکزیکە، بە موزیکی ئاسمان دەچڕێ؟

کە لە شادیدا ترەکا وەختێک ڕەنگی شین پەیدا بوو؟

چی گەکانی قەسکردووە
تا ئاور و تووڕەیی خەی وا باتە دەر؟

ئەو فرمێسکانەی هەشتاکە نەڕژراون
لە دەریاچە گچکەکاندا، لە چاوەوانی ڕاندان؟
یاخود دەبنە ئەو هەوبارە نادیارانەی
دەرژێنە ناو، جێگەکانی خەفەتەوە؟

بە زاری بە سەرچاوەو، لەگەڵ کامە ئەستێراندا
ڕووبارەکان دێنە پێیقین؟
گەر ڕووبار هێندە شیرینە
دەریا ئەو هەموو خوێیەی خێی لە کوێ دێنە؟

وەختێک دەریا دەبینمەو، دەریاش هەمان هەستی هەیە
یان وا ناکات؟
بە شێپۆلان هەمان پرسیار دەکەنەو
وەختیک من لێیان دەپرسم؟

ناوەڕاستی دەریا کوێیە
بە شێپۆلان بە وە ناکشێن؟

چۆن دووچەرخەیەکی جەهەنەراو
ئازادی وەردەگرێتەو؟
چۆن بتوانم بە کیسەڵە بگەمەو
لەرێیشتندا بە هەواشی ، لەو باشترم؟

بە کام ڕاستی و لەسەر کامە ناڕاستییە
باران فرمێسکی شادی خێی دەبارێنێ؟
برنج لەبەرانبەر کەدایە
بەو گشت دانە سپیەیەو پەدەکەنێ؟
بە کەڵگەکان دەدەنە قاقای پێکەنین
وەختیک ئاسمان بەرەنگ دەگری؟

قیتارێکی وەستاوی ژێر لەزمەی باران
دیمەنێکی خەفەتاوی وەکو ئەمەت، لە کوێدا بە پەیدادەکرێ؟
بە دەبە کرمی ئاوریشم
ژیانی خێی ، لە بەرگی پارچەقوماشدا بەسەربەرێ؟

هەڵە چنگی لەچی گیرکات
وەختێک لەسەر هەور ڕادەکشی تا کەمێک بحەوێتەوە؟
چۆنە هەور هێندە دەگری
هاوکاتیش ئەو، لەگەرمەی شادی خێدایە و پەزلەدەدا؟
ئەرە بەڕاست، دووکەڵە لەگەڵ هەورا دەدوێ؟

بە درەختان ڕووتدەبنەوە کاتێک چاوەڕوانی بەفرن؟
دەکرێ گەڵا لە زستاندا
بە نهێنی لەگەڵ ڕەگدا، ژیانێکی دیکە بژی؟

مانگی چواردە، بالیفە پە لە ئاردەکەی
لە چ شوێنکدا دادەنە؟

ئەی ڕەگەکەن چەن بزانن
دەبە ئەستا سەردەربێنن، تا سەر لە ڕووناکی بدەن
تا بە گوە و هەموو ڕەنگەکانیانەوە
سلاوەک لە هەوا بکەن؟

بەچی درەخت
شەخ و شەنگی ڕەگەکانی حەشاردەدا؟

شوێنەک هەیە بە چەند دەکەکۆییەکی تر؟
پرسیارەک بوو لە گوڕباخی کۆییان کرد؟
پەڕەی گوە چی پێیە بیڵێ
وەختەک بەهارچرەدەکا؟

لە قوڵایی پایزەوە
گوڵت لە زرمەی ڕەنگی زەردە چەن زرمەی دە؟
گەر گشت زەردیی کەتای بێت
ئەی نان لەچی دروست بکەین؟

چی بە زاری ئەلماسە سوورەکاندا هات
وەختەک شیلەی هەناریان دی؟
تە دەزانیت چی زەر سەختە
چنینەوە و هەڵگرتنی میوەکانە؟

ئایا پەپوولە دەبەتە ماسی باەدار
وەختە دەمرە و ڕەحی لەشقەی باەدا؟

بە کەس بە هەلیکەپتەرەکان ناڵێ
چەن بتوانن هەنگوینی دەی خەر بمژن؟
ئەگەر مەش بیتوانیبایە هەنگوینی خەی بەرهەمبێنە
دەکرا هەنگەکان تووڕە بن؟

پرتەقالەکانی سەردار، چیدەکەن لەگڵ یەکتردا
تا خەریان وەک یەک بەرکەوە؟
کە خەر بەداردەکاتەوە
وەختەک لەسەر تەختی خەوە گەدارەکەی ڕاکشاوە؟
نەتزانیوە، وەختە داری سەو گوەدەکا

بۆ ئەوەیە وەک سەو بمرێ؟

چی بۆ کولیلکەیە دەڵێن
وەختێ بڕێی کەچی باڵندا دەفڕێ؟
ئەوە کام باڵندەیانە
دەبێتە سەرکردەی کەچیان؟

پڕسیلکەکان درەنگ دێن بۆ قوتابخانە
تۆ بڵێی وا بێ، بڕلەوەی بن
نامە هوونە شووشەییەکان لە ئاسماندا دابڕش بکەن؟

چیت لەو پشتە قەمووڕتدا حەشارداوە؟
وشترێک وای بە کیسەڵ وت.
ئەی تۆ لەگەڵ پرتەقاڵدا چی باسدەکەی ؟
کیسەڵ وای وت.

پشت وانییە وشترەکان
لە کەپارەی سەرپشتیاندا، تیشکی مانگییان هەڵگرتبێ؟

هووی نەداوە هەندێک جاران
کە وشەیەک وەکو مار پێچ لە خەی دەدات؟

ژمارەی چوار، هەمان چوارە بۆ هەموومان؟
ئەی حەوتەکانیش هەرواهین؟
کە زیندانی، خەو بە هوونا‌کییەوە دەبینە
ئایا هەمان رووناکییە لە تە دەدا؟

بۆ پەنجشەممە نایەوە دوای هەینە بێت؟
تەمەنی نۆقەمبەر چەندە؟
مانگی نۆوان دیسیمبەرو جانیوەری ، ناوی چییە؟

بۆ کەاوی شەو
بۆ هەموو کوونەی ناویەوە، بەم ناوەدا دەخولێتەوە؟
بۆ بە مەرەکەبی نەبینراو دەنووسین
کاتێ وەختی تاریکی دێ؟

ئەو سەعاتەی لە خەونەکانتا لەدەدا
دەکرێ لە کوێ پەیدا بکرێ؟
ئەو خەونانەی نایەنە دی، چییان لێ دێ؟
دەچنە خەونی ئەوانەوەی کە کەسانی دی دەیبینن؟

لە چ جێیەک ، کەلکەزێرینە دوایی دێ؟
لە ڕەحتدا یاخود لەو دیوی ئاسۆوە؟

دەتوانم لە پەرتووکەکەی خەم بپرسم
کە بە ڕاستی خەم نووسیومە؟

دەستگرتن بە مەژووی ئەوانیتر!.. سەدیق سەعید هەواندزی

سەرنجێک لە بارەی وتارەکی عەبدوڵا عەباس

بەرلەوەی باسی هەوانگە، وەک بزووتنەوەیەکی شیعری نوێ ودەرکەوتەیەکی نوێ لە مێژووی ئەدەبی کوردی و شیعری کوردی لە قۆناغی هەفتاکان بکەین، سەرەتا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو زەمینە کولتووریی و سیاسیەی کە هەوانگەی تیادا دروست بوو، چونکە هەموو بزووتنەوە و مانفێستۆکی ئەدەبی، دەرئەنجامی کۆمەڵە فاکتەکی خودی و بابەتین و دەرچوونە لەو واقیعە باوەی بوونی هەبووە. ئاشکرایە، هەوانگە لە ژێر کاریگەریەتی بزووتنەوەی شیعری عەرەبی و ئەو گۆڤارانەی ئەو کات دەردەچوون و لە پەیوەندی بەو کێشە ئازادەی لە دوای هەکەکوتننامەی ئازاراوە هاتە ئاراوە دروست بوو. چەند شاعیر و چیڕۆکنووسێک لە سەرەتای هەفتاکاندا، بە مەبستی گەو تێندانەکی نوێ بە ئەدەب و شیعری کوردی و هەنگاونان بەرە و نوێخوازی، بەیاننامەی هەوانگیان ئاگەیاند و دواتر گۆڤارەکیشیان بەو ناوەوە دەرکرد. بەگومان هەوانگە، کە کەسانێک بە هەکەیەکی پیسی هەڵنەهاتوو ناوی دەبەن، هەنگە نەیتوانیبێت گەڵانەکی ڕیشەیی لە بونیادی شیعری کوردی لە هووی فەرم و ناوەڕۆک و زمان و جیهانبینییەوە بنەتە ئاراوە، بەو مانایەی هاوشێوەبوونێک لە شیعرەکانی گرووپی هەوانگە و قۆناغی پەشووتر و دواتری هەوانگەش، لە هووی زمان و جیهانبینییەوە هەیە، بەڵام خواستی هەوانگیەکان، گەورەتر بوو لەوەی هەر تەنها لە نوێخوازی شیعری کورت بکرێتەوە، بەڵکو ئەوا بەوایان بە جەرە یاخیبوونەکی دیکە و گەڵانکاریەکی

کۆمەڵایەتی و کولتووریی و ئایینی گەورە هەبوو، کە کاریان لەسەر دووركەوتنەوە لە ئەقڵیەتی باو، بەوا هانان بە ماف‌کانی ژن و یەفەمکردنی کۆمەڵگە و ئازادییە کەسیەکان و نەمانی ئەو هەندە ماناسی و یالیزمییە دەکردەوە، کە وەک مەدک لە شیعری ئەو کات بوونی هەبوو، بە ئاراستەی یاخیبوون و کۆمەڵگەیکی پشکوتووتر. بەیشە لە دوای ڕاگەیاندنی ڕوانگە، مەلاو سیمبولە ئایینییەکان کەوتنە دژایەتی ئەو گرووپە و وەک شاعیری نەمر شەرکەبکەس لە نووسینەکانیدا باسی دەکات، ئاگەر فرانسە هەریری فریایان نەکەوتبایە، ئەوا دوور نەبوو بە مەرگی خەیان تەواو بێت. ئەمە مانای وایە، لەکدانەوەیکی دیکە لە دەرەوەی شیعر و ئەدەبیات بە ڕوانگە و دامەزرێنەرانی کراوە. وەک شەرکە بەکەش لە پشکی کتێبی هەر سێ ژمارەی ڕوانگە کە دەزگای سەردەم چاپی کردووە دەڵێت:( ) . .(قوتابخانەی ئەمە، قوتابخانەی نەتەوە و ژیانە، قوتابخانەی ڕانوەستانە لە بزووتن و پشکوتن، قوتابخانەی هەچوون و یاخیبوونە لە ڕووی هەر کێت و زنجیرکدا، کە بیوەت بەرلە تەقینی کانی ئاواتی لە بن نەهاتووی ئەدەبیمان بگرێت نە گرتنی وێنەی فۆتگرافی و نە فرمسک ڕشتنی ڕەمانتیکییەکانە)

□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ □□□□□□ □ □□□□□□□□ □□□□□□□□ □□□□□□□ □□
□□□□□□□ □□□□□□□□ □□□□□□□□□□□□□□□□□□□□ □ □□□□□□ □□□□□□□□ □□□
□□□□□□□□ □□□□□□□□□□ □□□□□□ □□□□□□□ □□ □□□□□□□□□ □□□□□□□□ □
□□□□□□□□□ □□□□□ □□□□□□□□□□ □□□□□□□ □□ □□□□□ □□□□□ □ □□□ □□□□□ □□□□□□□□□□ □
□□□□□□ □□□□□ □ □□□□□□□□□ □□□□□□□ □□ □□□□□□□□□ □□□□□□□□. (□□□□□□
□□□□□□□□□□ □□□□□ □□□□□□□□ □□□□□□□ □□ □□□□□□□□□ □□□□□ □□□ □□□□ □□□□□□□ □□□□□□□□□ □□□□ □□
□□□□□ □□ □□□□□□□□□□ □□□□□□□□□ □ □□□□□□ □□□□□□□□□ □□□ □□□□□□□□□□□
□□□□□ □□ □□□ □□□□ □□□□□□□□ □□□□□□□□ □ □□□□□□□□□□ □
□□□□□□□□□□□□□□□*) بەمەش گرووپی هونگە، شیعر لە دڕۆی ئەو فەمە شیعرییە دەبینێت، کە هەرتەنها هەهەندەکی هەمانسی و فۆتۆگرافی سادەی هەبێت، بەڵکو شاعیر دەبە یاخیبوو، هەشنگێر و جەنگاوەرێک بێت، لە دژی نەریت و ئەقڵیەتی دواکەوتوو، هەموو ئەو کەت و بەندانە تێکبشکێنێت، کە دژ بە ئازادیەکانی مرۆڤن. بەگومان لە هووی مێژوویی و دیکەمێنتاریەوە، ئەو ساغبێتەوە کە دامەزرێنەرانی هونگە هەریەک لە(جەلالی میرزا کەریم، شێرکۆ بێکەس، کاکە مەم بۆتانی، حوسێن عارف و جەمال شارباژێر) ین. هەموو مێژووی نووسراو و سەرزارەکی ئەمە، ئەوانە بە پشتەوانی هونگە دا ئەنێت و لە بەیاننامەی هونگەشدا ناویان هاتووە ***. بەیە ئەمە بۆتە مێژووەکی نەگۆ و دیار لە مێژووی قەناغەکانی شیعری کوردیدا. کە چی دوای پەنجا ساڵ لەو مێژووە، تازە (عەبدوڵا عەباس) لە وتارێکیدا کە لە گۆڤاری (وانەر) بەاوکراوەتەوە، دەت و دەیەوێت گومان لەو مێژووە بکات و مێژووەک لە سەر پشتی ئەو نووسەرە دیارانە بە خەی دروست بکات. وەک ئەوەی بیەوێت مێژووەکی نوە بنووسەتەوە. وتارەکەی ناوبراو، وەرای ئەوەی هیچ بەگۆ و ئەرگەمێنتەکی بەواهێنەری تێدا نییە، هاوکات گومانکردنیشە لە دامەزرێنەرانی هونگە و خە بە پاەوان نیشاندانی گرووپەکەیە. هەتا ئێستا، بەڵایەنی کەمەوە لەو هەموو کتێب و وتارە بە شومارانەی من لە بارەی هونگە خوێندوومنەتەوە، لە هیچ شوێنەک باسی ئەو بەەزە وەک یەکەک لە دامەزرێنەرانی هونگە ناکرێت. عەبدوڵا عەباس، کە نەوەی دوای اپەین ناینناسن و خشی هەتا ئەم ساانەی دوایی لە بەغدا ! هەر لە ەنامەی هاوکاری بووە، ئاگاداری مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دوای اپەین نییە، کە چەن نووسراوەتەوە و کێن و کامانەن دامەزرێنەرانی هونگە، کە ناویان وەک شاعیر و چیەکنووس دەت و بزووتنەوەی هونگەیان اگەیاندووە. مێژووی هونگە و دامەزرێنەرانی، دیار و ساغکراوەیە کە کێن، ئیدی خە بە پاەوانکردن و دەستگرتن بە مێژووی ئەوانیتر لە پناو دروستکردنی مێژووەک بە خەت، ناتوانێت بەوا پهێنەر و لەژیکی بێت، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو هەوەدانە لە هووی مێژووییەوە بە بەگۆ و

ئەرگەمێنت بێت و پشت ڕاستکراوە نەبیت. نازانم دوای پێنجا ساڵ، بۆچی ئەم بۆنەیە تازە دێتەوە ئەو مژووە بشوونیت؟ کە هیچ کام لە نەمران (شەرکە بکەس، جەلالی میرزا کەریم، کاکە مەم بۆتانی) لە ژیاندا نەماون، کە دنیام ئەگەر ئەوان بمابان، قسەیەکی تر و هەواڵێکی تریان دەبوو. بە داخەوە لەم ساڵانەی دواییدا، هەواڵدان بە خۆ بە پاڵەوانکردن و سینەوەی مێژووی ئەوانیتر چ لە ڕووی سیاسی، چ لە ڕووی ئەدەبی بێت، بۆتە نەریتێکی خراپ لە نێو ئەمەدا، بەو مانایەی باسی کەسێک دەکرێت کە خەی لە ژیان نەماوە، تا دەرفەتی وەڵام و بەرگری لە خەی هەبێت. بەمەش ئەمە لە بەردەم گوتنێک داین، کە مافی خەمانە گومانی لە بکەین و بە ناڕاستی بزانین. نووسەر لەو وتارەیدا، هیچ ئەرگەمێنتێکی نووسراو ناخاتە ڕوو، کە پشتڕاستی ئەوە بکاتەوە کە ئەویش وەکەی هەبووە لە دامەزراندنی ڕوانگە. تەنە پشت بە گەڵانەوەی زارەکی و یادەوەری دەبەستێت، ئەمانەش کەمەکی مێژووی نووسراو ناکەن و نێک هەر پشتیان پێ نابەسترێت، بەڵکو زەر لە خەڵکی بە هەڵبەستراویشی دەزانن. عەبدوڵا عەباس لە نووسینەکەیدا، باس لەوە دەکات کە جەلال، نەهاتنە ژەربایی پێشنیارەکی ئەو، کە وتوویێتی بەیاننامەیەک ڕابگەیەنن، کەواتا پرسیار ئەوەیە، بۆچی پێشنیارەکەی ئەوی نێت کردنەوە، بەڵام ئامادەبووە لەگەڵ شەرکە و کاکە مەم بۆتانی واژەی بەیاننامەکە بکات و ڕایبگەیەنێت؟ ئەمە مانای وایە هەر لە بنەڕەتەوە شتێک نەبووە بە ناوی نوکردنەوە و بەیاننامەی شیعری و ڕوانگە، تا ئەو کاتەی ئەو گرووپە ڕوانگە ڕا دەگەیەنن و خەیان وەک دامەزرێنەرانی ڕوانگە دەناسێنن. لە کۆتاییدا دەڵێم دوای ئەو هەموو ساڵە لە ڕوانگە و مردنی بەشێکی زەری دامەزرێنەرانی، ئەو مژووە بە گەڵانەوەیەکی زارەکی نە نوە دەکرێتەوە نە دەسرێتەوەش، مژوو ئەوەیە کە ڕووداوە نێک ئەوەی کە ئەمە دەمانەوێت، کەسانێک هەن مژوو دروستی کردوون، کەسانێکی دیکەش دەیانەوێت مژووێک بە خەیان دروست بکەن، نووسینەکەی عەبدوڵا عەباس لە جەری دووەمە، چونکە هیچ لەژیکێک لەوە دانییە دوای پێنجا ساڵ زیاتریش، تازە بێیت لە بارەی مژووی قەناغێکی ئەدەبی ئەمەوە بنووسیت و گومان بکەیت، کە بۆتە مژووێکی نووسراو، ئەرگەمێنتکراو و چەسپاو لە مژووی ئەدەبیاتی کوردیدا. تازە ئەو نووسەرە پێی خۆش بێت یان نا، کەس بە دامەزرێنەری ڕوانگەی نازانێت، بەڵێ باشتر وایە دەست بە مژووی ئەوانیتر نەگرێت! بەگومان حیکایەتی بار بەر و گوەدرێژکەش کەمەکی ناکەن، وەک ئەوەی ئەو لە نووسینەکەیدا بە لەدان لە ڕوانگەیکان هەنیوێتییەوە کە نازانم چەن بوەری ئەوەی هەبووە، ئەم باسە بە مانایە تێکڕا بە نووسینەکەی بکات.

سەدیق سەعید هەواندزی

- پەراوێز: هەرسێ ژمارەی گۆڤاری هەوانگ، کتێبی چاپکراوی دەزگای سەردەم زنجیرەی 572 سالی 2011.
- ئەم بابەتە لە ژمارە (137) ی پاشکۆی هزر و هونەری ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژی 24/8/2023 بڵاوکراوەتەوە.

هەونکردنەوەیەک:_ ئەم وتارەی ئەمە، وەک وەڵامێک بوو بە وتارەکەی عەبدوڵا عەباس، کە لە ژمارە هەشتەی گۆڤاری سەنگینی (وانەر) بڵاویکردەتەوە. نووسەر لەو وتارەیدا دوای پێنجا ساڵ تازە دەت دەیەوێت لە ڕێگەی هەڵگرانەوەی مەژوو، خەی بکاتە پاڵەوانی دروستبوونی هەوانگ. دوای ئەم وەڵامەی ئەمە، نووسەر بەکتەبەکی بچووک بەناوی (هەوانگ ناوی زل و دەی وەران) وەڵامی ئەو نووسینەی منی داوەتەوە. بەگومان من کتێبەکەی مامستام بینیوە، لە بەر سەرقاڵبوونمان بە کتێبێک لە بارەی پێشەوای شاعیرەوە، دەرفەتی ئەوە نییە وەڵامی ئەو کتێبەی بدەینەوە، بەڵام لە ئایندەدا، وەڵامی کتێبەکەی بە کتێبێک دەدەینەوە، بە ئەوەی بیسەلمێنین کە ئایا ئەو کتێبەی نووسەر، بەگوێرە بە ئەوەی لە دامەزرێنەرانی هەوانگەیە یا نا؟

شەڕی ئیسرائیل و حەماس بەرەو ململانێیەکی فرەجەمسەریی.. پارێزەر/ فەرمان محەمەد

شکست لە ئۆکرانیا و شکستێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاوە دوا بزماری تابووتی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا بێت. ٧ی ئۆکتۆبەر سیاسەتی ناوچەکە و ستراتیژیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕی. ئەم گۆڕانکارییە لە سیاسەتدا دەنگدانەوە و کاریگەریی دوور مەودای دەبێت لە سەرانسەری جیهان، کە لە ئەنجامدا ناکۆکییەکان دەچنە ناو قەناغێکی نوێوە، هەر ئەمەش کە مەترسییەکانی هەڕەشانی شەڕکە

بەشوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات، شتێک کە لەوانەیە بەرەو دەرەوەی غەزە بکشێت.
هاکەشانی وەتانی دیکە، جیهان بەرەو شتێکی ناوچەیی و جیهانیی دەبات، کە لەکەوتەکانی بە ئەمریکا و ئیسرائیل بەتایبەتیی و جیهان بەگشتیی کارساتبارتر دەبێت. بەشداریکردنی هاستەوخۆی ئێران لە شتێکدا یان بە بەیاری خۆی یان بە هەڵبژاردنی ئیسرائیل بە لەدانی ئێران؛ سیناریۆیەکی چاوەڕوانکراوە، لە گۆڕینی ململانێی ئێستا بە ئاگرکەوتنەوەیەکی سەرتاپاگیر.
ئەو وێنە ناشرینانەی کە لە هەرشە دەندانیەکەی سەر غەزە بەرهەم دەهێن، پەیدەچێت بە تووندیی سنووردارکردنی دانوستانی ئاشتیی عەرەبیی-ئیسرائیل بێت تەنانەت لەگەڵ شازادەی جێنشینی سعوودیە، کە زەرترین خواست و بەرژەوەندیی کەسیی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە. بەپێچەوانەی فەرمانڕەواکانیان، هاوەڵانگیی لەگەڵ فەلەستین لەنەو گەلانی عەرەبدا بە زیندووییی ماوەتەوە، تەنیا دوو لەسەتی گەنجانی سعوودیی پشتگیریی لە ئاساییکردنەوە لەگەڵ ئیسرائیل دەکەن.
ئاگر ئەمریکا بەردەوام بێت لەشتێی نابەرانبەریی ئێستایی ئیسرائیل-حەماس، ئەوە ئاگرێی داییسانەدنی ئاگرێکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چاوەڕوانکراوە، ئەوە نێک هەر لەووی سەربازیی و دیپلۆماسییەوە ئەمریکا لاواز دەکات، بەڵکوو چین و ڕووسیا وەک زلهێز بەشوەیەکی بەرچاو بەرز دەکاتەوە. هەموو جیهانی موسڵمانان لایەنگری چین و دژە ئەمریکا دەبن، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی داشکانی دۆلار و کۆتایی هاتنی پترۆدۆلار، کە ئەمەش بە واتای کۆتایی هاتنی هێژموونی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا.

ئاڵۆزتربوونی دۆخی جەنگ

بەڵێ بەرچاوگرتنی شکستێ گەورەکە، بە تایبەت بە دۆزگەی هەواگریی ئیسرائیل، کە پێشبینیی هەرشەکی گەورەی لەم جۆرەیان نەکردبوو، نێک هەر بە تەواویی لە تاریکییدا بوون سەبارەت بە پلانەکان، بەڵکوو دیارە پێیان وا نەبوو هیچ شتێکی ئا لەم شێوەیە لەووی سیاسییەوە مومکین بێت، وا دەکات کە ئیسرائیل دەندانەتر مامەڵە بکات کە ڕۆژانە گەمارۆ و قەیرانیی مرۆیی لە غەزە بەرەو خراپتر و مۆرگساتر هەنگاو دەنێت، چونکە ئیسرائیل ڕۆژانە چەندین هەرشی ئاسمانیی بە سەر هاوەتیانی غەزە ئەنجام دەدات. هاوکاتیش هەرشی زەمینیی مەترسیی شتێکی زیادتر کردووە و زیاد لە دوو میلیۆن فەلەستینیی لە مەترسییەکی گەورەدا دەژین. نیگەرانییەکان لە زیادبوونداون، چ لە ناوچەکە و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیی، کە جەنگەکە ئاگرێی زەرە فراوانتر بێت. بەیە بەرپرسانی ئیدارەی

بایدن، پلانی نائاسایی ئامادە دەکەن بۆ جەهەشتنی زیاتر لە ٦٠٠ هەزار ئەمریکیی کە لە ئیسرائیل و لوبنان دەژن.

هاکەشانی ئێران بۆ جەنگەکە

پرسیارەکە ئەوەیە، کە ئاخۆ ئێران بۆ نەو سیناریۆکە پلانکەش دەکرێت، کە پێگەی زلهێزی ناوچەکەیە؟

تەنیا دوو ڕێگە هەیە، کە ئێران بتوانێت شەڕەکە بڕەو ئیسرائیل ببات: بەشێوەی وشکانیی و بالیستیی. ئەمە وەک ئێران دوژمنەکی سوێندخواردووی ئیسرائیلە. هاوکات کەمێک گرووپی چەکداریی ژێر هەژموونی خۆی لە ناوچەکەدا دامەزراندووە و هاهەنانی پێکردوون، چەکداری کردوون و بەردەوامیش لە پشتیوانیکردنیانداید. گەورەترین و ناسراوترینیان حزبوڵڵای لوبنانە، جگە لەمە لێڕەگەی پرەکسیدەوە لە عێراق، سووریا و یەمەنیشدا ئامادەیی هەیە. بەیە ئێستا ئێران لە جەنگی بەوکالەتدایە و هەر جۆرە ئاگربڕکیش بە پاڵکەشکردنی هاستەوخۆی، ئەوە ئێستا ئاگربڕکە، تەنانەت دەتوانین بڵێین ئێستەم.

مەترسییەکانی فراوانبوونی ئەم شەڕە بۆ دووبارە لوگۆ لوبنان و سووریا

نیگەرانییەکان لە زیادبووندایە، کە شەڕی ئێستای نێوان ئیسرائیل و حەماس دەتوانێت فراوانتر بێت بە کردنەوەی بەرەی دووەم لەسەر سنووری باکووری ئیسرائیل لوگۆ لوبنان، چونکە لوبنان وەک مەترسیدارترین بەرەی دووەم دەناسێندرێت. بەڵام لەشکرکێشییەکی زەمینی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، دەتوانێت ئەم هەوڵانە بکاتە شتێکی جێی مشتومڕ. حزبوڵڵا ڕەنگە شکستی کەی ئاگربڕی حەماس بە هێڕی سوور بزانێت و ناچاری بکات ڕەوشونی زەرتر بگرێتەبەر.

ئەمە مانای ئەوەیە کە گرووپەکانی وەک حزبوڵڵا، دەتوانن زیانێکی گەورە بە سوپای ئیسرائیل بگەیەنن، بە ئەنجامدانی شەڕەکی ناهاوسەنگ و تاادییەک بە چەکی تەکنەلۆژیای نزم و هەرزانتر، وەک فڕەکەی بەفڕەکەوان، نارنجەکی هاژەکیی و هاژەکی دژە تانک.

ئیسرائیل لەمژە هەشداریی دەدات لەوەی وڵامدانەوەی بە شەڕەک، کە حزبوڵڵای لوبنانی تێدابێت، بەرفراوان و مەرگساتر دەبێت. لە ئاگری حیساباتی هەڵەوە، کە لە دەرەنجامی بەردەوامبوونی هەرشی ئیسرائیل سەرهەڵدەدات، دەبێتە ململانێیەکی تەواو مەزن. هاکەشانی حزبوڵڵا بە شەڕەکە و لە ئاگری پەرسەندنی هەرشکانی ئیسرائیل، حزبوڵڵا دەتوانێت بەپێی ڕێکەوتی شەڕی ئیسرائیل و حەماس، حسابی خۆی بگەڕێت و شەڕەکە فراوانتر بکات و بەرەی دووەم لوگۆ ئیسرائیل

بکاتەوە. لەرەدا زەرەشت باسی لە بارودۆخ و کاردانەوەی شەقامی عەرەب و مسوومانکانەوە.

بەرەی شەڕ لەگەڵ سووریا

ئێستا سووریا ناوچەیەکی چالاکانەی شەڕی ئیسرائیل و ئێرانە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابووردووا سووریا چالاکترین گۆڕەپان بووە لە شەڕی سەبەر و بەردەوامی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا. لە ساڵی ٢٠١٧ەوە حکوومەتی ئیسرائیل هێرشەزاردەی گەینی ئاساکانی بۆشداریکردنی لە سووریا هێرشەزارد و هێرشکانی بە سەر بریکارەکانی ئێران و بەرەش ئامانجە سەربازییە سەرەکییەکانی سەر سووریای خێراتر و زیادتر کرد. سووریا بە ناوچەیەکی چالاکی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل و ئێران دادەندرێت؛ بەیە ئاسەی کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لەم شەڕەدا پێشبینیکراوە، بەو پێیەی ئێستا چالاکیی جووڵەی بەرچاو لەنێوان ئیسرائیل و ئێران لە سووریا لەئارادایە.

هێزەکانی ناوچەکە، هێرشکی زەریان کردووەتە سەر ئامانجەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا و چەندین هاژەک (مووشەک) و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە یەمەن لەلایەن حوسییەکانەوە تێقەندراون و بەرپرسانی ئەمریکاش بە ئاشکرا نیگەرانن لەوەی کە یەمەن بەرەو نەو ململانێکە دەخزێت.

هێشتا تەمی ڕووداوە پەرسەندووەکان بە تەواوی بەرز نەبوونەتەوە. بەڵام ئەوە ڕوونە، کە لە ٧ی تشرینی یەکەمدا، جیهان بە هێرشکی شکستخواردوو بە سەر ئیسرائیل ڕاچەکی، کە گەورەتر لە پیرە هاربەر (بەندری مرواریی) یان ١١ی سێپتەمبەر، نەک تەنە لە دەرەنجامە ستراتیژییەکانیدا، بەڵکوو لە دەرەنجامە دەروونییەکانیشدا بوو.

پێشتر بینیمان حەماس دەتوانێت چی بکات، بەڵام حزبوڵا سێت هێندە شارەزاتر و ئامادەی باشتری هەیە. لە ماوەی دەیەی ڕابووردووا حزبوڵا لە سووریا شەڕی لەگەڵ ئەو گرووپانەوە کە لەلایەن ناتەوە، کە پێ چەک دەکرێن و پارەیان بە دابین دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێچەوانەی حەماس، حزبوڵا خاوەنی چەندین چەکی ئاڵۆز و چالاکییە، وەک مۆبایل کروز و هاژەکی ڕێنماییکراو، کە مەودایە و دوورمەودان. لە کۆتاییدا، ئۆگەر سووریا و ئێران بەیاری پێچەککردنی حزبوڵا لە لوبنان و حوسییەکان لە یەمەن بدەن، ئیسرائیل ڕووبەڕووی دوو بژاردە دەبێتەوە: یەکەمیان شکست قبووڵ بکات و ئاشتیی هەبژێرێت، دووەمینیان دەستپێکردنی شەڕەکی سەرتاسەریی هەرەمیی، بە پشتیوانیی ئەمریکا و ناتۆ و بەردووەمانی لوبنان، سووریا،

عێراق، یەمەن و ئێران لێخۆبگرێت. هەرچەندە لە بژاردەی دووەمدا تەنیا هەنگاوێک لە جەنگی سێیەمی جیهانیی دوور دەبێت.
ماوەتەوە بڵێین، کە بارودۆخی شەڕی ئیسرائیل و حەماس لە ڕۆژ و هەفتەکانی داهاتوودا، خێرایی، هەڵسوکەوت و ڕەوتەوی خێیی دیاریی دەکات کە ئایا ململانێیەکە تەنیا لە ئیسرائیل و غەززەدا دەمێنێتەوە، یان دەتوانێت و دەبێتە ململانێیەکی بەرفراوانتر.

پارێزەر/ فەرمان محەمەد
ئیتالیا/ زانکۆی بۆلۆنیا

چەند تێزێک سەبارەت بە شەڕی غەززە.. حەمید تەقەوایی.. و: کاوە عومەر

١-شەڕی غەززە لە ڕوانگەی ئینسانیەوە تاوانێکی تەواو عەیارە. تەنانەت بە پێی ڕێککەوتننامەی جنێف، هەردوو لایەنی شەڕەکە چەندین تاوانی جەنگیان ئەنجامداوە. بەزووتنەوەی حەماس لە هەرشی سەرەتاییدا ١٤٠٠هاووڵاتی ئیسرائیلی کوشت و حکومەتی ئیسرائیلیش زیاتر لە ٢٣٠٠ مندالی لە کەرتی غەززە کوشتووە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم شەڕە کارەساتێکە دەبێت بە زووترین کات ڕابگیرێت. بەڵام کوشتنی ئینسانەکان تەواوی کارەساتەکە ڕوون ناکاتەوە. لە سەردەمی ئەمەدا (لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئەمڕۆ) لە هەموو شەڕێکدا هەرش کراوەتە سەر خەڵکی ئاسایی و مەدەنی و شار و ماڵ و ژیانی خەڵک . شەڕی ئێستاش لە زۆرێک لە شەڕەکانیتر ڕاستی ئەم دەندایەتیەی نیشان داوە. بەڵام قووڵایی ئەم دەندەیە کاتێک دەردەکەوێ کە هەڵوێست و سیاسەتی هەردوو لایەنی شەڕ لە بەرچاو بگرین.
٢-شەڕی غەززە لەووی سیاسەت و ناوەرۆک و ئامانجەکانی شەڕیشەوە بەتەواوی کۆنەپەرستانەیە. هەردوولای شەڕەکە، حەماس و ئیسلامی سیاسی لە لایەک و حکومەتەکەی نەتانیاهۆ و ڕەوتە ڕاستەو تونڕەوەکەیەوە لە ئیسرائیل لە لایەکی دیکەوە، دژی تاکە چارەسەری ئینسانەستانەن

بە پرسی فەلەستین، کە پێکهێنانی دوو حکومەتی خاوەن مافی یەکسانە . حەماس دیدوەت ئیسرائیل لەناوبەبات، حکومەتەکەی نەتانیاهەش دیدوەت پاش شەڕی 6 ڕۆژە، خاکی ئیسرائیل و هەژموونی سیاسی بە تەنانەت ناوچە داگیرکراوەکانیش فراوان بکاتەوە. شەڕی ئێستا درێژەپێدەری ئەو جۆرە سیاسەتە کۆنەپەرستانە و نامرۆڤانەیە کە ئامانجیان دواخستنی چارەسەری ئینسانیانەی پرسی فەلەستینە. ئەگەر لەم شەڕەدا تەنانەت هاوپەیمانێکی مەدەنیش نەکوژرابێت، ئەوە هەر شەڕێکی تەواو کۆنەپەرستانە و دژە ئینسانی بوو.

شەڕێکی تەواو کۆنەپەرستانە و دژە مرۆیی بوو.
٣دوای بەدەسەڵاتگەیشتنی کەماری ئیسلامی و پێکهێنانی حزبوڵا و حەماس، پرسی فەلەستین بوو بە ئامانجێک بۆ هاوسەزی فەلەستین و دژە ئیسرائیلیەتیی هەڵە ئیسلامییەکان لە گۆشنگایەکی ئایینی و ئەوپەڕی کۆنەپەرستانە. لە لایەکی ترەوە لە ئیسرائیل هەڵە فاشیست-ئاینیەکان دەسەڵاتیان بەدەستهێنا، کە چوارچێوەی ئایینی پرسی فەلەستینیان بە تەواوی بۆ بەرژەوەندی خیان و فراوانکردنی نیشتەجێکردنی جوولەکەکان و فراوانبوونی دەسەڵاتی ئۆهای ئیسرائیلیان بەسەر هەموو خاکە داگیرکراوەکاندا دەبینی. هەڵەکانی ئیسلامی سیاسی و هەڵە ئاستەو توندڕەوەکانی ئیسرائیل کە ناتانیاهۆ نوێنەرایەتیان دەکات لەم بارودۆخەی ئێستادا، لە ئاستیدا دوو دیوی یەک دراون، هەڵ بە یەکتر دەدەن و هەڵ لە تاوانەکانی یەکتر وەردەگرن. لەم چوارچێوە ئایینی-فاشیستەدا، پرسی فەلەستین هیچ چارەسەرێکی نییە. بە هەر جۆرە چارەسەرێکی ئینسانی و دادپەروەرانە بۆ کێشەکە، بە پلانی دوو دەوڵەتیشەوە، پێویستە ئەم هەڵانە لە نێو فەلەستینییەکان و لە خودی ئیسرائیلدا پەراوێز بخرێن و بە تەواوی دوربخرێنەوە..
٤-بۆ کەماری ئیسلامی و حزبوڵا و هەڵەکانی تری ئیسلامی سیاسی، دروشمی لەناوبردنی ئیسرائیل تەنیا لایەنێکی ئایدیۆلۆژی- ناسنامە و ڕیتوریکی-بانگەشەیی هەیە نەک کردەیی-سەربازی. ئەوان خۆیان دەزانن کە فەدانی ئیسرائیل بە ناو دەریا، هەروەک "گۆڕینی کەشکی سپی بە حوسێنیە"، یان "دەرکەوتنی ئیمام زەمام"، مەحاڵ، بەڵام بەردەوام ئەم دووبارە دەکەنەوە، چونکە لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیەوە پێویستیان پێیەتی. (خامنەیی لەم دواییانەدا ڕایگەیاند کە کوشتنی خەڵکی غەززە دەبێتە هۆی پەلکردن لە دەرکەوتنی ئیمام زەمان و بەم شێوەیش فەدانە دەرای ئیسرائیلیان خستە ئەستۆی ئیمام زەمان!)
٥-ئەگەری بەر فراوانبوونەوەی شەڕ و تەوگلانی کەماری ئیسلامی لە شەڕدا نیە، بەڵام ئەگەر ئەم ڕووبدات، دەبێ سیاسەتی حیزبی ئەم و هەموو هەڵەکی شەڕشگێڕ بە چەکردنەوەی خەبات بێت بە ڕووخاندنی

کەماری ئیسلامی. "هەموو چەکەکان ڕووبکەنە حکومەتی ناوخە" دروشمی ئەمڕۆ لە کاتی هەڵسکردنە سەر کەماری ئیسلامی.
٦-لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕدا، دەندەیەتی حکومەتی ئیسرائیل زیاتر و زیاتر دەبەتە جێگای سەرنجی خەڵکی جیهان و خەپیشاندانەکانی دژ بە شەڕ دژ بە کوشتنی خەڵکی غەززە و داواکردنی دەستبەجێ کۆتایی هێنان بە شەڕەکە لە ئاستی جیهانیدا پڕڕەنگدەنەوە. ئەم خەپیشاندانە دژی کوشتنی خەڵکی غەززە و لەگەڵ داواکاریی کۆتاییهێنانی دەستبەجێی شەڕەکەدا، نەک بە بەرگریکردن لە حەماس. وەک خەپیشاندانە جەماوەرییەکانی خەڵکی جیهان دژی هەڕشی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە سەر عێراق، ناڕەزایەتییەک بوو بەرامبەر بە لەشکرکێشی دەندانەیبە سەر خەڵکی عێراق و نەک پشتیوانی لە سەدام حوسێن.
٧- پێش جەنگ، حکومەتەکەی نەتانیاهۆ لایەن خەڵکی ئیسرائیلەوە ڕووبەڕووی ناڕەزایی بەرفراوان بووەوە. دوای هەڕشی دەندانەی حەماس، ئەم ناڕەزایەتیانە کەم بوونەوە، بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕەکەدا، ناڕەزایی و تووڕەیی خەڵکی ئیسرائیل دوبارە سەرهەڵدەداتەوە. تا ئێستا شەڕەکانی ئیسرائیل لەدژی هەزە جەربەجەرەکانی فەلەستین و تەنانەت حکومەتە عەرەبییەکان بەخەرایی کۆتایی هات و بووە هەی سەرکەوتنی ئیسرائیل. بەڵام شەی ئێستا شەڕەکی دوورودرێژ و لەکەوتەی سیاسی بە وێنەی لە خودی ئیسرائیلدا هەیە. کەمپەگەای ئیسرائیل بەرگەی شەڕەکی درێژخایەن ناگرێت و بەتایبەتی لەگەڵ زیادبوونی قوربانییەکانی سوپای ئیسرائیل، خەڵکی ئیسرائیل لەدژی شەڕەکە و حکومەتەکەی نەتانیاهۆ دەتە دەڕەوە.
٨- خەڵکی ئێران لە دروشم و جموجۆڵی ناڕەزاییەکانیاندا دژی حکومەتی ئیسرائیل ناجوڵێن، چونکە نایانەوێت لەگەڵ سیاسەتی دژە ئیسرائیلی حکومەت هاوتەریب بن. کەماری ئیسلامی هەوڵ دەدات ئەم شەڕە لە خزمەتی پڕوپاگەندەی بەردەوامی دژە ئیسرائیل و خستنە ژێر تەکی بزووتنەوەی شەڕشگێڕانەی ئێستای خەیدا بقۆزێتەوە، بەڵام خەڵک بە تەواوی ئەو هەوڵانەی لەسەر شەقام و لە سۆشیال میدیا دەتکردەتەوە. شەڕشەکی گەورە لە ئێراندا دەگوزەڕێت و هەزی خەڵک و شەڕشگێڕان لەسەر ڕووخاندنی حکومەت چە بووەتەوە و بەم شەوێش هەر جۆرە هەوڵێک لایەن حکومەتەوە بە لادان و بەلادابردنی سەرنجەکان وکەشوهەوای سیاسی لە ئێران و جیهاندا، و هەر جۆرە بڕد دانان و شەوانەدن و سووکایەتیکردنی حکومەت لە دژی ئەو شەڕش پووچەڵ دەکاتەوە.
٩- لەدژی ئەم شەڕە، خەڵکی شارستانی جیهان لە ناوچەکە، لە دژئاوا، لە ئیسرائیل و ئێران و هەموو وڵاتان، بە دروشمی کۆتایی

هاتنی دەستبەجێی شێ، ئازادکردنی بارمتەکان، دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی تاوانەکانی جەنگ لە هەردوو لایەن، و لە بەرنامەدا دانانی چارەسەری دوو دەوڵەت بەنە مەیدان. خەڵکی ئێران لە پشتگیی بزووتنەوەی جیهانی دژ بە شێی غەززەدا، هەم لە ڕووی ئەوەی کە کەماری ئیسلامی میحوەری بزووتنەوەی تیرۆریزمی ئیسلامییە لە ناوچەکە و جیهاندا پێیکی ئەم شێیە، چ بە هەی شێشی ژن ژیان ئازادیەوە لە ێیزی پشێوەدا وەستاون. شێشی ژن ژیان ئازادی سەری ماری ئیسلامی سیاسی کردەتە ئامانج و بە لاوازکردن و دواجار ووخاندنی کەماری ئیسلامی، گورزێک لە سەرچاوەی بزووتنەوەی ئیسلامی لێادەبەدەر کەنە پەرست لە ناوچەکە و لە هەموو جیهاندا دەدات. خەڵکی ئێران و هێزە ئازادیخوازەکانی ئۆپۆزسیۆن، پێویستە لەکەناری وروژاندنی ئەو داواکاریانەی سەرەوەدا.داوای بایکۆت وگۆشگیرکردنی جیهانی کەماری ئیسلامی وەک بکوژی خەڵکی ئێران و وەک پارێزەری حەماس و حزبوالڵە وهێزە تیرۆریستیەکانی تری ناوچەکە و جیهان بن.

١٧ ئابان ١٤٠٢، ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

شوانی بەشایی.. عەبدولجەواد ئەلعوفیر.. و : نەژاد عزیز سورمێ

ئانەگەلی بەشایی
بە مەرگی بە پیتی ڕەحم
بە پێش خەم داوە ..
منم بەشایی بەرەو مەرگ دەبەم .
گوێ بێن ناکەم
گەر بێ ئەوە نەبێ جوانی پێ ببەخشم ..

برادەر!
هەوری ڕەشن
لە دێ دا دەبارن .
ئێمەش بە چەترە بچکۆلەکانمانەوە

ا دەکەین ..
جیهان بە شیعری خەمبارەوە
تەنگ بووە
ئەو ژنەی
بەسەر بالی بیرکەیەکەوە دەفڕ
بۆ ئەوەی نەبونی بکەین
خۆشمان ناوێ .
دڵمان
بەتەنیا
جێی مردووانی تێدا دەبێتەوە ..

(*) شاعیرێکی نوێخوازی مەغریبییە .
بۆ ئەسڵی شیعرەکە بڕوانە : ڕۆژنامەی (الزمان)
ژمارە 2854 لە 24-11-2007 لاپەڕە 10 .

خەڵکی ئێران پاشەکشێ لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ناکات!.. عەبدولڕەحمان گۆورکی

خەڵکی ئێران پاشەکشێ لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ناکات!
ئاوەدانەوەیەک بە سەر دیمەنی سیاسی ئێران لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا!
عەبدولڕەحمان گۆورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

خەڵکی ئێران تەنیا یەک ڕێگایان لەبەردەمدایە. بەرەوپێشەوەچوون لە ڕاپەڕین بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری. وەستان لەسەر ئەم ڕێگایە دەبێتە هۆی لەسەر کار مانەوەی ئەم دەسەڵاتە و هەر پاشەکشەکردنکیش دەبێتە هۆی هاتنەپێشەوەی بە چەندەهنگاوەک! ئەمەیش وەک ئەو فەرمولەی لە قوتابخانە سەرتاییەکان فێری بووین. واتا "خشتەی کە یان لەدان (جەمع یان زەرب) " کە بە لامانەوە گومان هەڵناگرێت.
هەر لەسەر ئەم وانەیەش خەڵکی ئێران هەنگاو بەرەو ئایندە

هەڵدەگرن و لەسەرد، گەشبین و دڵخۆش و بە ئومێدن و نەک هەر پاشگەز نین لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی پاشایەتی و بەینی ئێو ڕێگا دوور و درێژی رابردوو، بەڵکو شانازی بە دەستکەوت و قوربانییەکانیانەوە دەکەن. ئەوان بەیاریان داوە تووڕەیی خەیان بەرامبەر بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئایینی زیاد بکەن و ئەستایش بەدوای دەرفەتکدا دەگەڕێن تا بە هەمیشە دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە وڵاتکەیاندا لە گۆڕ بنێن!

ئێم دەستکەوتە گرینگە، ڕەکە لەگەڵ نەخشە ڕێگای موقاومەتی ئێران بە خەبات و تەکۆشان. موقاومەتی ئێران ستراتیژیی خۆی لەسەر ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری داشتووە کە شانەکانی شەشی لە ناوخۆ ئێرانن و بە دنیاییەوە بەرە هەنگاونانی گەورەتر دەچیت!

هەربۆیە لەژێر ڕۆشنایی دەستکەوت و ئەزموونەکانی رابردوو، خەبات بە کەتایپەهێنان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە ئێران، داواکردن لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ناڕەوایە. چون بە واتای وەستان یان پاشەکشە دێت لە هەنگاوەکانی رابردوو. لەم ڕوانگەیەوە هەندێ دروشم و داخوازی، ئەگەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەکەدا تەومژاوی بوون، یان تەنانەت نەدەکرا خەتی لە بە دوور بگریت، ئێستا لەگەڵ سەرخستنی ڕاپەڕینەدا ناگونجێت و کاڵ و ناکارامەن. کەواتە دەرئەنجامی ئەمجەرە دروشم و داواکارییانە، درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵات و دواخستنی ڕووخاندنی دیکتاتۆریێتە.

شەهەڵایسان و شەئنگەزی!

شارەزایان و کارناسانی مێژووی ئێران باش دەزانن کە هاتنە سەر کاری دەسەڵاتی مەزهەبیی لە ئێران، بە هەڵگیرسانی شەڕ لە دەروەی سنووردکان و بە تایبەتی لە وڵاتانی دراوسێ یان ڕژهەڵاتی ناوەڕاست دەستپێکرد. بە درێژایی مێژوو، ئێم دەسەڵاتە، مانەوەی خۆی بەستۆتەوە بە ئاژاوەنانەوە و شەهەڵایسان لە دەروەی سنووردکاندا! هەر بۆیە دەبینین کارنامەی ٤٤ ساڵەی ئێم ڕژێمە مەزهەبییە لەوانەوە لە نانەوەی شەڕ و ئاژاوە لە ناوچەکەدا. وەک نموونە لە عێراق، سوریا، لوبنان، فەلەستین، یەمەن و...

کەتایپەکانی حیسابکی هەڵەی گرنگ و مێژوویی!

ئەگەر لە سەرەتای دەرکەوتنی دەسەڵاتی ئایینی لە ئێران، خومەینی وەک وەلی فەقیهی ئێم ڕژێمە، بە ڕێگەخۆشکردن بە هەرشکردنە سەر عێراق، داڕێژەر و دامەزرێنەری "نەخشەی ڕێگای مانەوە" بووە و توانیبووی بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئایینی و نەتەوەیی، شەکەت هەڵگیرسێنێت و هەندێک کەسیش لەسەر مانگ بەدوای ڕووخساریدا دەگەڕان، بەڵام ئێستا، ئێم نەخشەی ڕێگایە، گەیشتووەتە کەتایی و، ڕووخسارێکی وا تەنانەت لە بنی بیریشدا وێنا ناکرێت!

لەم ماوەیدا، خەڵکی ئێران، بە خەبات و بەرخۆدان و خوێن و ئازارکانیان، سروشت و ئامانج و پلانکانی رژێمی ئێرانیان ئاشکرا کرد و کەمکەمگەی نەودەوڵەتیشیان لە مەترسی مانەوەی ئەم رژێمە بە ئاگا کردەوە. خەڵک و موقاومەتی ئێران لە بەرامبەر دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ویلایەتیی فەقیهیدا "نەخشەی ڕێگای ڕاپەڕین بە ڕووخاندن"ی وێنا کردووە کە ڕاپەڕینی ئەمدواییان، دواین ئەڵقەی بووە و بەڕاو ئاوەژووی دەچن ئێران بە هەمیشە لە دیکتاتۆریەت ڕزگار بکەن و ئەم خاکە ئازاد و ئاوەدان بکەنەوە.

چارەنووسی سازان لەگەڵ دیکتاتۆریەت لە ئێران!

بەم حیسابکردنە هەڵە گەورەیەی وڵی فەقیهی، دەتوانین بڵێین کە (سازان لەگەڵ دیکتاتۆری لە ئێران) یش گەیشتووەتە کۆتایی خۆی. چونکە گەڕینی ڕژێم و ڕووخانی دەسەڵاتی مەزهەبی وەک "داواکاری سەرکیی خەڵکی ئێران" لە بیروڕای گشتی جیهاندا تەمار کراوە و سازشتکارانی ڕژئاوایی ناچارن کۆتایی ئەم ستراتیژییە کوشندە و مەترسیدارە قبووڵ بکەن.

بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی، ڕەبەری شۆڕشی خەڵکی ئێران لە یەکەمی ڕەزی مانگی گەلاوێژانی ئەمساڵ لە پەیامێکدا ڕایگەیاند: "سازان بەس. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە چەخماخەکە لێبدرێت. لە بارودۆخێکدا خامنەیی بە مەبەستی پەردەپۆشکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و بە پەی نەریتی ئاسایی ڕژێم، قەیرانی هەناردەی دەرەوەی سنووردارکانی ئێران کردووە و بە ئاشکرا لە ناوچەکەدا ملهوڕی دەکات، ئەمریکا و ئوروپا بە پەگوێکردن و سزای کاڵ و قسەی زارکی ڕێگە بە ڕژێم دەدەن پشێوی بکات. (سازان) و (بە کردەیی)، بە دوای سزادانی مووشەکی و چەکی فاشیزمی ئایینی و ڕازیبوون بە تەنیا دەرکردنی بیانناما بەس! ئێستا کاتی لێدانی چەخماخەکە و گەلاوێژ بە ٦ بیارنامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش. پێویستە یەکێتی ئوروپا و بەریتانیا دەستبەجێ سوپای پاسدارانی خامنەیی بخەنە لیستی ڕەشەوە. دانی (کات) و (دەرفەت) بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی شەهەلایسەنەری تیرۆریستیی لەسەر حیسابی دارایەکانی خەڵک و موقاومەتی ئێران، تەچووێکی زەر بە ناوچەکە و ئاشتی لە جیهان هەدەگرێت"

بەڕێز ڕەجەوی هەروەها وتی: بە داگیرکردنی عێراق بە بیانووی هەبوونی چەکی کەمکوژ و چەکداماینی ئەتۆشی ئازادیبەخشی نیشتمانیی ئێران، هاوسەنگیی ناوچەکەتان لە بەرژەوەندی فاشیزمی ئایینی و ئاخوندانی ئەتۆمی تێکداوە و لانیکەم دوو دەیەتان خستە سەر ژیانی ڕژێمی ویلایەتی فەقیهی. بەڵام ڕەڵە بەجۆرگەکانی ئێران بە چنگ و نینۆک و ددان، جومگە بە جومگەی ڕژێمی فریوکار و دژەمرۆی

خومەینی و خامنەیی لە ناو دەبەن".

راستییەکە چییە؟

حیسابەتی هەڵەی سازشتکارانی ڕژئاوایی، لە بەدنگبوون و بە کرداریاندا و، لە ئەنجامدا، چاوپۆشیکردنیان لە ئاسوار و ئاکامە زیانبەخشەکانی مانەوەی ئەم دیکتاتۆرییەت، تەواوکەری حیسابەتی هەڵەی وڵی فەقیهی دەسەڵاتداری ئێرانە کە ئێستا نزیک هەر ناوچەکە، بەکو بووەتە هۆشۆ بو سەر کەمگەی نودووەتی و زیاتر لە جاران، ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەی ڕژهەڵاتی ناوەڕاستی خستەتە مەترسییەوە.

ئەم ڕژەمە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ و، بەو پارە با هەنگاوانەی کە لەسەر دەستی سازشکارانی ڕژئاوایییەوە گیرفانی پێ کردووە، ، نزیک هەر سەرکوت و کوشتاری لە ناوخەی ئێراندا بە دامەزراوەیی و فراوانتر کردووە، بەکو لە قۆناغی کۆتایی مانەوەیدا، دیپلۆمات (نەخشە ڕێگای مانەوە)ی خۆی بە شێوەیەکی ئاسان و شەرمئەنگێزی و هەناردەکردنی قیرانەکان بە دەرەوەی سنووری کان پڕ پێ بدات و بە ڕێگەی تاقمە هاوتەریبەکانیەوە جێبەجێ بکات.

موقاومەتی ئێران هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ڕایگەیاند کە ئەم ڕژیمە هەرگیز لە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و دەستوردان لە وڵاتان و هەناردەکردنی کۆنەپەرستی و تیرۆریزم دەست هەڵناگرێت. چونکە وڵی فەقیهی دەسەڵاتدار لە ئێران زێر باش دەزانێت کە گەر ئەم هەنگاوە هەڵنەگرێت، ڕاپەڕینی گەل لە ناوخەی ئێران دەچێتە قۆناغی کۆتاییەوە و خەڵک ئەوەی دیپلۆمات بەدەستی دەهێنێت. لە کارنامەی ئەم ڕژیمەدا تەمار کراوە کە لە سەرەتاوە، ئێستایشی لەگەڵدا بێت، شەڕ و شەڕخوازی لە لایەن دیکتاتۆری ئایینییەوە، هەمیشە ڕووکەشێک بووە بە سەرکوتکردنی ئازادی و سنووردارکردنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە ئێران.

دوا وشە!

دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە ئێران هیچ پێوەندییەکی بە کەمگەی نودووەتییەوە نییە و گرینگترین داواکاری خەڵک و موقاومەتی ئێران لە کەمگەی نودووەتیش هەمیشە ئەوە بووە کە واز لە پشتیوانیکردنی ئەم دەسەڵاتە بهێنرێت و هاوکاریی ئەم ڕژیمە دیکتاتۆرە نەکرێت. بە ئەوەی خەڵک و موقاومەتی ئێران حیسابەتی خۆیان لەگەڵ ئەم ڕژیمە ناشەرعیە یەکلایی بکەنەوە. چونکە ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە تەنها لە سەر دەستی گەل و موقاومەتی ئێرانەوە مەیسەر دەبێت و بەس!

ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتی ویلایەتی فەقیهی، دوای ڕووخاندنی دیکتاتۆرییەتی پاشایەتی، خواست و داواکارییەکی ڕەوا و

بە مشتومڕی خەڵک و موقاومەتی ئەرانە و هەرگیز دەستهەڵگری ئەم داواکارییە نابن!

فێستیڤاڵی فیلمی "ئاسمان" بە ناوەڕۆکی هونەری ـ گەشتیاری لە شاری مەهاباد بەڕێوەدەچێت

مەنسوور جیهانی

یەکەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی سەرئاوەڵای "ئاسمان" بە تایبەتمەندییەکانی هونەری و گەشتیاری لە لایەن ئینستیتۆی فیلمسازی "لاوان فیلمی موکریان" بە بەرپرسیاری "ئیبراهیم سەعیدی" سینەماکاری ناودار و بەڕێزمووني کورد، لە شاری مەهاباد بەڕێوەدەچێت.

ئینستیتۆی فیلمسازی "لاوان فیلمی موکریان" بە هاوکاری و پشتیوانی شارەوانی و کۆمیسیۆنی کەلتووری شۆڕای شاری مەهاباد، ئیدارەی گشتیی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی پارێزگای ئازربایجانی ڕۆژئاوا و هەروەها ئیدارەی گشتیی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی مەهاباد؛ یەکەمین خولی فێستیڤاڵی کورتەفیلم، سیناریۆ و فۆتۆگرافی سەرئاوەڵای "ئاسمان" لە سەر تەوەرەکانی هونەری و گەشتیاری لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەدەبات.

ئەم فێستیڤاڵە، لە سەر بنەمای بردنەسەرێی ئاستی هونەری سینەما و ڕۆشنبیری و کەلتووری ناوچەکە، ڕاکێشانی هەگرانی گەشتیاریی لە شاری مەهاباد و ناوچەکە؛ لە سەرەتای مانگی سێپتەمبەری هەموو ساڵێک بە ماوەی ٤ ڕۆژ لە گۆڕەپانی سەرەکی شاری جوان و گەشتیاری مەهاباد بەڕێوەدەچێت.

لە فێستیڤاڵی فیلمی "ئاسمان"، بەرهەمە سەرەکی و لاوەکییەکان؛ هەموو شەوێک لە شوێنی سەرئاوەڵای گۆڕەپان و ناوچەی سەرەکی شاری

واتە "گەڕەپانی مەنگوڕان" لە ٢ سانسی پیشان دەدرێن و بە درێژایی ڕۆژیش، کەر و کەبووندەوەی پسپۆڕانە و ڤەرکشۆپی فێرکاریی بە ئامادەبوونی مامۆستایان و کارناسانی بەرچاو و شارەزای سینەما و فێستیڤاڵی بەڕێوەدەچێت.

میوانانی ئامادەبوو لە فێستیڤاڵ و ئەو گەشتیارانەی کە لە کاتی بەڕێوەچوونی ئەم ڕووداوە سینەماییە سەردانی شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان دەکەن؛ بە شێوەی هاوکاتیش، لەگەڵ تایبەتمەندی و توانا فەرهەنگی و هونەرییەکانی ئەم ناوچە ڕەسەن و جوانە ئاشنا دەبن. هەر بەم بۆنەیەوە، بەرنامە لاوەکییەکان بۆ ناساندنی کەلتوور و ڕێشنبیری مەهاباد و ناوچەکە داڕێژاوە و پلانی بۆ داندراوە و بە درێژایی ڕۆژ، لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی شاری ماهاباد پێشکەش دەکرێن.

دامەزراندنی ئەم فێستیڤاڵە، دوای ٤ ساڵ کاری کارناسی لە لایەن پسپۆڕانی ئێنستیتۆی فیلمسازی "لاوان فیلمی موکریان" ئامادە کراوە؛ کە بە هاوکاری و پشتیوانی ئەندازیار "بابەک ڕەستەم پوور" شارەوانی شاری مەهاباد و هەروەها دکتۆر "ئاڕش شەهابی" سەرۆکی شۆرای ئەم شارە، بە دروشمی بردنەسەرێی ئاستی کەلتووری شارەمەندی و لە پێناو خوێقاندنی کەشووهەوای گونجاوی پەیوەندی نێوان خەڵکی و گەشتیاران بەڕێوەدەچێت.

لۆگۆی یەکەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی سەرئاوەڵای "ئاسمان"، لە لایەن "مەنسوور محەمەدی" گرافیست و فێرگرافەری ناوداری مەهابادی دیزاینی بۆ کراوە؛ هێمای فێستیڤاڵ، لە نیشانەی مۆژوویی "فەقرەقا" Fakhrigah و تێکەڵاوێک لە فیلم و وەرچەرخانی ڕەوان لە بەستێنی شینایی ئاسمان، دیسانەوە پێناسەیەکی ساکار و مۆدێرنە لە شوناسی کەلتووری و مۆژوویی مەهابادە کە تیایدا هونەر پێگەیەکی تایبەتی هەیە. مۆژووی شۆنەواری بەردینەی "فەقرەقا" بۆ سەردەمی مادەکان دەگەڕێتەوە کە لە تەنیشت گوندی "ئیندرقاش" لە نزیک شاری مەهاباد هەڵکەوتووە.

ئێنستیتۆی فیلمسازی "لاوان فیلمی موکریان"، ساڵی ڕابردوو؛ یەکەمین خولی فێستیڤاڵی سیناریۆنووسی "لاو" لە پێناو ناساندن و بردنەسەرێی ئاستی سیناریۆنووسی ناوچەکە، بە سەرکەوتوویی و لە ئاستێکی گونجاودا بەڕێوەبرد کە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی ئەم ڕووداوە گرینگە سینەماییە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەرتاسەری ئێران و هەروەها هەرێمی کوردستان، پێشوازییەکی بۆنەی لێکرا و ڕەنگدانەوەی

بەربژاویی بەدواوە بوو.

بۆچوونی بەرایەتی ڕاگەیاندنی گشتی فێستیڤاڵی فیلمی "ئاسمان".

تووڵەکانی پایيز.. ئیلهام موادی

لەگەڵ یادت قامکەکانم لەسەر لاپەڕەی دڕژمەرکەم بەجما
وانەکانی دەداریم لە ون بوو
ونبوو دڕژمەری تەمەن
قامکەکانی خەیاڵم لەنێو بەتەی دڕکدا دەئافرێن و
چاوەکانم وەنەی پەڕفایلەکەتی لە قاپگرتووە
بەیە لەهەر چاوترووکانێکدا
دووپات ئەبی لە شاشەی مۆشکمدا
خۆ خەیاڵەکە لەکناری هەر خزانێکا
شارێک ئەخولقێندرێ
حزر نیشتمانێکە لە ئەغر
ووە لە نشوییە گڵاڵەکانی خزان
لە غەمگینییە قەدگرتووەکانی تەمەن
تووڵەییەکان حزر دەبنەوە سەر دوا نشینگەی هەناسە
لەوم بە هەناسەکانتەوە
سەرگەردانە و
چاوم مەمی هیوا کز کز ئەسووتێنێ
لە شوێنکی ئەم چیرۆکەدا
شەو بەیاری لەسەر قەدەغەیە
پیاسە تیسکە
شەقام لەخە بایی.

سنە
ئیلهام موادی